### سەرۆکی لیژنەی کاتی ئۆلۆمپی عێراق (ئەحمەد سامەرائی)

## لەئایندەی عێراق وەرزشوانانی کوردستان پێشەنگ دەبن لەپرۆگرامەکانمان



رۆژی ٢٠٠٣/٦/٢٢ لیژنەی کاتی ئۆلۆمپی عێراق لەشاری سلێمانی کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا بەئامادەبوونی ئەندامانی لیژنەی باڵای وەرزشی لەکوردستان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان. کەچەندین بڕیاری گرنگی دەربارەی وەرزش لەکوردستان و زیادکردنی نوێنەرانی کوردستان بۆ شەش نوێنەرو هەڵبژاردنی دوو ئەندام لە لیژنەی تەنفیزی کاتی و دوو ئەندام لەهەر یەکێتییەکی وەرزشییەکانی ناوەندی عێراق تێدا درا هەر بۆیە بەپێویستمان زانی ئەم دیمانەیە بکەین لەگەڵ ئەحمەد سامەڕائی سەرۆکی لیژنەی کاتی ئۆلۆمپی عێراق کە وەرزشوانێکی دێرینی عێراقەو سەرۆکی هەڵبژاردەی تیپی باسکەی عێراق بووە سەرەتا لێمان پرسی:١ –

*** چۆن دەڕوانیتە ئایندەی وەرزشی عێراق؟**

– گەش بینین بەئایندەی وەرزشی عێراق، بەڵام بەهاوکاری هەموو لایەک، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ وەرزشی سەردەمی رژێمی سەدام کەکوڕەکەی کۆنترۆڵی کردبوو و وەکو بازرگانیەک وەریگرتبوو دوور لەگیانی وەرزشی ئۆلۆمپی مامەڵەی دەکرد، بۆیە پێویستە لەسەرمان مامەڵە لەگەڵ وەرزش بکەین بەگیان و پەیڕەوی ئۆلۆمپی جیهانی.

*** ئایا هاوپەیمانان چ پرۆگرامێکیان هەیە بۆ بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری وەرزش لە عێراق؟**

– لەسەرەتا گرنگی بەژێرخانی خزمەتگوزاری وەرزشی درا، بەتایبەتی باسی ئەم ژێرخانەکراو چۆنیەتی ئیش کردن لەکۆبوونەوەکانماندا، هەر بۆ وەبیر هێنانەوەش پێش ساڵ و نیوێک لەواشنتۆن گفتوگۆمان لەسەر عێراقی دوای نەمانی رژێمی سەدام کرد، بەڵام پاش رزگارکردنی عێراق هاوپەیمانان بیروڕایان بەوەرزش گۆڕاو پێیان وابوو کە وەرزش بوارێکی زۆرگرنگە بۆ گەلی عێراق، بەتایبەتی بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق، بۆیە بڕیارماندا کەبەزووترین کات دەست بەبنیادنانەوەی ژێرخانی وەرزش بکرێت، ئێستا وادەبینین کەلیژنەی کاتی ئۆلۆمپی عێراق دەست بەکارە بۆ ئاوەدانکردنەوەو بوژانەوەی وەرزش کەیەکەم ئیدارەیە لەعێراق دەست بەکاربێ.

*** فەلسەفەو بۆچوونتان بۆ ئایندەی وەرزش لەعێراق چۆنە؟**

– فەلسەفەی عێراقی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی مۆدێرین، چونکە زۆربەی مامۆستایانی ئەکادیمی عێراق و کارمەندانی وەرزشی دەرچوونی کۆلیژو پەیمانگاکانی جیهانین، بەتایبەتی ئەوروپا.

فەلسەفەی وەرزشی بەگشتی برایەتی و هاوپەیمانی و ململانێی شەریفانە دەگەیەنێت، لەدواییدا وەکو کۆمەڵ گرنگی بەتەندروستی و چوستەیی دەدات، ئەوەش هۆکاری دەبێ لەسەر ئابووری و پەرەپێدانی کۆمەڵگا، هەروەکو دەڵێین (بیری ساغ لەشی ساغ دایە).

*** دوای گفتوگۆکردن و مامەڵەکردنت، چۆن وەرزشوانانی کوردستان دەبینی، بەتایبەتی کەئێوە لەساڵانی هەشتاکان لەکوردستاندا کارت کردووە؟**

– بەگوێرەی وەرزشوانانی کوردستان کەلەو (٣٥) ساڵەی رابردوودا کەلەژێرچەپۆکی رژێمی دیکتاتۆریدا بوون و چەندین تاڵ و سوێریان چەشت، ئەو هەموو ناخۆشی و گەمارۆی ئابووری و کوشتن و ئەشکەنجەدانە زۆر کاریگەریان نەبووە لەسەر وەرزشوانانی کوردستان و بەردەوام بوونە لەسەر وەرزش بەتایبەتی دوای راپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و ماوەی (١٢)ساڵە نیمچە ئازادییەکیان بەخۆیەوە بینی لەژێر پاسەوانی نێودەوڵەتی و ناوچەی دژەفڕین، ئەگەرچی هەمیشە لەژێرترسی گەڕانەوەی دیکتاتۆر دابوون. بەڵام توانیان بەردەوام بن لەوەرزش و بەرەو پێشەوەبچن و زۆر باشتر بوون لەناوچەکانی دیکەی عێراق و پەنابەخوا لەئاییندەدا لەپێشەنگ دەبن لەپرۆگرامەکانی ئایندەی وەرزش لەعێراق، چونکە چینێکی گرنگن لەپێکهاتەی کۆمەڵگای عێراق.

## تیپی لاوانی سۆران



تیپی لاوانی سۆران یەکێکە لە تیپە دیارو بەرچاوەکانی شاری هەولێر کە مێژووی دامەزراندنی بۆ (١٩٩٦/٣/٢) دەگەڕێتەوە. ئەو تیپە تا ئێستا بەشداری لە چەندین خولی تۆپی پێ کردووەو دەستکەوتی زۆرباشی بەدەست هێناوە لە وانە بەدەست هێنانی خولی تۆپی پێی ئاشتی و برایەتی و (١١)ی ئەیلوول و هتد.... دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو تیپە پێک هاتوون لە بەڕێزان (ئامانج عەزیز، نەوزاد زرار، شەماڵ جەلال، هێمن سەلیم) و راهێنەرەکەی بەڕێز (عەزیز عەلی خان)ەو یاریزانەکانیشی پێک هاتوون لە بەڕێزان( نایف جەمیل، ئومێد زاهیر، عادل حاتەم، پێرس قادر، هۆشمەند باپیر، نادر سەعید، هاوار عوسمان، نیاز زرار، یوسف عەلی، شێروان بورهان، فەرهەنگمەغدید، ئارام عومەر، شێروان جیهاد، بێستون حوسێن، رێمان خالید، گەرمیان تەها، زەردەشت ئیسماعیل، هاوکار شێروان، رێبوار خەسرەو، سۆران عومەر) بۆیە هیوای سەرکەوتن بۆ تیپی لاوانی سۆران دەخوازین.

## دوو دیمەنی وەرزشی سەرنج ڕاکێش





بەڵگەنەویستە کە پێکهێنانی هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان خەونی دێرین و لەمێژینەی سەرجەم وەرزشوانی کوردستان بوو، ئەوەبوو لەسەر رێنمایی ئەنجومەنی باڵای وەرزش لە کوردستان ئەو هەڵبژاردەیە دامەزراو توانی دوو یاری دۆستانەش لە هەردوو شاری هەولێرو سلێمانی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق ئەنجام بدات، بەڵام ئەوەی وەک دوو دیمەنی وەرزشی سەرنج راکێش شایانی ئاماژە بۆکردنە ئەوەبوو یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان وەک هێمایەکی بەرزی کوردایەتی ئاڵای کوردستان و کڵاوی کوردەوارییان بەسەر یاریزانانی تیپی میوان دابەشکرد، بەراستی ئەو دیمەنە بووە جێگای رەزامەندی هەموو لایەک.دووەمیشیان چۆنیەتی ئەو هاندانە بە جۆش و خرۆشەی جەماوەری وەرزشی بوو کە هەر هەموویان ئاڵای کوردستانیان بەرز راگرتبوو. بەڵێ ئەو دوو دیمەنە گوزارشتیان لە بەرز راگرتنی ناوی هەڵبژاردەی کوردستان دەکرد کە دوای چەندین ساڵ لە بەرگێکی تازەدا هاتەوە مەیدان و جارێکی دیکەش دوای پرۆسەی ئازادی عێراق خۆی بە ئێمە ئاشنا کردەوە.

**محەمەد سەعید کوردە – وێنە/ مەحمود هەولێری**

# مێژووی تۆپی پێ

## بەشی دووەم

ئینگلیزەکان لەم بوارەدا یەکەم کەس بوون کەتۆپی پێیەکی نوێ و مۆدێرنیان پێشکەش بەجیهان کرد، چونکە دوای ئەوان یەکەم یەکێتی تۆپی پێ لەدەرەوەی دورگەی بەریتانیەکان لەسەر دەستی کۆچەکەرە ئینگلیزەیەکان لەدانیمارک لەساڵی ١٨٨٩ دامەزرا.

دواتر لەسەرەتای سەدەی بیستەم بەهەوڵ و کۆششی بەر پرسە وەرزشییەکان، بەتاییەتی رۆبیر گیراینی فەڕەنسی و هیرشمانی هۆڵەندی لە ٢١ حوزەیرانی ١٩٠٤و بە بەشداری حەفت وڵاتی ئەوروپی (فەڕەنسا، هۆڵەندا، بەلجیکا، دانیمارک، سوید، ئیسپانیا، هەنگاریا) یەکێتی جیهانی تۆپی پێ دامەزرا، سەیر لەوە دایە کە نە ئینگلتەراو نە هیچ لەوڵاتانی دورگەی بەریتانی بەشداریان لەم یەکێتییە کر، چونکە پێیان وابوو شتێکی بێ سوودە.

دواترو لە ٢٦ حوزیرانی ١٩٢٨ و لەشاری ئەمستەردامی هۆڵەندی کۆبونەوەیەکی گرنگی یەکێتی تۆپی پێ ئەنجامدراو ئەمەش بڕیاری سازدانی جامی جیهانی لێ گەڵاڵە بوو کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٣٠ لەوڵاتی ئۆرگوای بەبەشداربوونی ١٣ وڵات ئەنجامدرا و ئۆرگواییش بووە یەکەم پاڵەوانی ئەم جامە دوای ئەوەی لەیاری کۆتایی (٤–٢) لەئەرژەنتینی بردەوەو دواتر لەساڵی ١٩٦٠ بۆ یەکەم جار جامی ئەوروپای تۆپی پێ سازدرا.

گەر بێینە سەر عێراق، ئەوە مێژوو پێمان دەڵێت کە لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ یەکەم یەکێتی تۆپی پێ دامەزرا، دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر عێراق لە ٢٣ ئایاری ١٩٥٠ بووە ئەندام لە یەکێتی تۆپی پێ جیهانی.

بەگوێرەی هەولێریش ئەوا فەقێیەکانی بەر لە ساڵانی ١٩٠٠ یاری تۆپی پێیان بە تۆپێکی لە لباد دروستکراو دەکرد و پێیان بە لباد دەبەستەوە، کەچی دوای داگیرکردنی ئینگلیز بۆ عێراق تۆپی لباد گۆڕا بە تۆپی لاستیکی پڕکراو لە باو پێڵاوی وەرزشیش شوێی لباد لەپێ بەستنی گرتەوە.

سەرەتا لە ساڵی ١٩٢٠ ململانێی تۆپی پێ لە هەولێر لەنێوان سێ قوتابخانەکەی شار (أربيل الأولى، أربيل الثانيه، أربيل الثالثه) بوو، یارییەکانیش لە گۆڕەپانێکی بچووک لەپشت سینەما سەلاحەدین ئەنجام دەدران، دوای زۆربوونی ژمارەی یاریزانان تیپێکی میللی بەناوی هەولێر دامەزراو بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٣٨ یارییەکی لە گۆڕەپانی خۆی لەدژی تیپێکی بەسراوی ئەنجامدراو یارییەکەی (١–سفر) بردەوە، ئەم بردنەوەیەش خەڵکێکی زیاتری بۆ یاریەکە راکێشاو لەهەمان ساڵ ئەم تیپە چەند یارییەکی تری دژی چەند تیپێکی بەغدایی ئەنجامدا.

جێی ئاماژە پێکردنە کەوا گرفتی گەورەی ئەوکات نەبوونی ناوبژیوانی خۆماڵی بوو، بۆیە لەکاتی یاری ناوبژیوانیان لە موسڵ و کەرکوک دەهێنا، چارەی ئەم گرفتەش لەساڵانی چل بوو کاتێک ناوبژیوانی خۆماڵی پەیدا بوون.

بەپێچەوانەی ئەوە ئاستی یاریزانان لە هەولێر هەر لەسەرەتاوە باش بوو تەنانەت مامۆستا عەلی حەمادی لەساڵی ١٩٢٩ بۆ تیپی مامۆستایانی بەغدا یاری کردووەو میدالیای زێڕیان لەسەر ئاستی عێراق هێناوەتەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر لەهەمان ساڵدا تیپێکی میللی لەشاری هەولێر بەشێوازێکی زانستی دامەزراند.

ئەم ئاستە باشەی یاریزانانی هەولێر هەر بەردەوام بوو، دواتر سێ یاریزانی یانەی هەولێر (عەلی حوسێن کەسرەو حەیدەر عوسمان و رەفیق مستەفا) بۆ ریزی هەڵبژاردەی باکوری عێراق بانگهێشت کران، دواتر دوو یاریزانی هەولێری (رەفیق موستەفاو نورەدین حاجی) بۆ یانەی ئاشووری بانگهێشت کران و شان بەشانی عەمۆ بابا یاریان کرد.

گرنگترین رووداوی وەرزشی لە هەولێر لەساڵی ١٩٥٦ روویدا، کاتی بەشێوەیەکی رەسمی یەکەم یانەی وەرزشی لەشار دامەزرا بەناوی بروسک، دوابەدوای ئەمەو لەساڵی ١٩٦٨ یانەیەک بەناوی هەولێر دامەزراو دواتر لەساڵی ١٩٧٢ هەردوو یانەی هەولێرو بروسک لێکدران و بوونە یانەی تآخی (برایەتی) و دوتر هەردوو یانەی برایەتی و هێرش لەساڵی ١٩٧٦ لێکدران و بوونە یانەی هەولێر، کە تائێستا بەناوی شاری هەولێر لە گشت پاڵەوانیەتی و خولەکانی عێراق بەشداری دەکات. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە لە ساڵی ١٩٧٧ نوێنەرانی لیژنەی ئۆلۆمپی لە هەولێر دامەزرا.

سەرچاوەکان

١– فەرهەنگی زانیاری ژمارە (٩،٢)

٢– گۆڤاری ئەلسەقەر ژمارەی (٣٩٩،٣٦٠)

٣– گۆڤاری ئەلڕەشید ژمارە (٢٤٠)

٤– کتێبی (وەرزش لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە هەولێر) نووسینی مەزۆ لەشکری

٥– بەرنامەی (وەرزشی عەرەبی) کەناڵی ئەلجەزیرە

٦– بەرنامەی (ئەلهەدەف) کەناڵی ئەلجەزیرە.

**کامەران عەبدولکەریم**

## لاوانی دوارۆژ

پاش تاقیکردنەوەی یانەی هەولێر بۆ دروستکردنی چەند تیپێکی (تازە پێگەیشتوان و لاوان) لەژێر چاودێری چەند ئەندامێک و ڕاهێنەرێکی خۆماڵی لەیاریزانە کۆنەکانی یانەو پاش ماندوو بوونێکی زۆر ئەم تیپانە بوونە هۆی بەرهەم هێنانی چەند یاریزانێکی بەتوانا و ئێستا شان بەشانی یاریزانەکانی تر پارێزگاری لەناوی یانەی هەولێر دەکەن و سەرکەوتنی بەرچاو بەم لاوە خوێن گەرمانە دەکەوێت بەڕاستی بەتەمەن بچووکن بەڵام بە ئاست زۆر گەورەن. هیوادارین ئەم تیپانە زیاتر بایەخیان پێبدرێت تا لە دوارۆژدا چیتر لەدەرگای دەرەوەی هەرێمی کوردستان نەدەین بۆ پڕکردنی تیپەکانمان لەیاریزانانیان. جێی ئاماژە پێکردنە هەر لەزووەوە یانەکانی تری شاری هەولێری وەک بروسک و ئارارات و ئاسۆ ئەم ڕێگەیان گرتۆتە بەرو چەند ساڵێکە حەسانەوەیان بەخۆوە گرتووەو ئەنجامی باشیشیان بەدەست هێناوە.

وەک ناوبژیوانێک لەم چەند یارییانەی دوایی کە ئەنجامیان داوە چۆن ئەم یاریزانە لاوانە پابەندی بڕیارەکانی ناوبژیوانانن لێرە دەردەکەوێت ڕۆڵی ڕاهێنەرو سەرپەرشتیاریان چۆن وەک مامۆستا قوتابییەکانیان ڕاهێناون لەسەر ڕێگایەکی زانستیانە. لەکۆتایی هەر زوو بەپەلە داوای ئەنجامی گەورەیان لێ مەکەن چونکە بەدەستهێنانی ئەنجامی باش و گەورە هەر بەماندووبوون ئارامی بەردەوام دێت و لەگەڵ دابین کردنی پێداویستیە وەرزشییەکان و گواستنەوەیان و بەخشینی بڕێک لەداهاتی فرۆشتنی پلیتی یاریگا لەسەر یاریزانەکان و وەستانی هاندەرو جەماوەر لەگەڵیان بۆ هاندانیان و بۆ پێش کەش کردنی زیاتر و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن و گەیشتن بەرەو لوتکە.

**محەمەد عەزیز**

## یاریزانی لاو ئاکۆ عومەر

### هیوادارم لە یانەی هەولێر یاری بکەم




شاری هەولێر لە سەرجەم بوارەکاندا شوێن پەنجەی دیارە، بەتایبەتی لەبواری وەرزشیدا کە چەندین یاریزانی لاوی لەباوەش گرتووە، ئەو یاریزانانە هەر لە ئێستاوە چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەشی وەرزشیان لێدەکرێت، یەکێک لەوانەش یاریزانی لاو (ئاکۆ عومەر)ە کە لەنێو گۆەپانی یاریگاوە بە یاریزانێکی ئاست بەرزو خاوەن رەوشی بەرزی وەرزشی ناسراوە. ئاکۆ عومەر لەساڵی (١٩٩٦) لە قوتابخانەی ناوەندی قەندیلی کوڕان دەستی بە وەرزش کردووە، دواتر چۆنیەتی لاوانی تەیراوە کە یەکێکە لە تیپە دیارو بەرچاوەکانی شاری هەولێر، پاشان بۆ تازەپێگەیشتوان و لاوانی یانەی ئاسۆ یاریکردووە، ئێستاش بە شانازییەوە لە لاوانی یانەی هەولێر یاری دەکات، بۆیە لە دەرفەتێکدا بە هەڵمانزانی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.

* بۆچی یانەی ئاسۆت جێ هێشت؟

– چونکە مامۆستا (عەبدوڵلا سالح) بووە یاریدەدەری راهێنەر.

* کێن ئەوانەی هانی تۆیانداوە بۆ بواری وەرزشی؟

– سەرەتا برای خۆشەویستم (دڵشاد عومەر)، پاشان بەڕێزان (محەمەد یوسف)ی راهێنەری یانەی ئاسۆو (ئەبوبەکر ئەنوەر)ی راهێنەری لاوانی هەولێرو (غازی عەباس) راهێنەری تیپی لاوانی تەیراوە، بۆیە زۆر خۆم بە قەرزاری ئەو بەڕێزانە دەزانم.

* ئەگەر سێ چەپکە گوڵت لابێ پێشکەشی کێیان دەکەی؟

– یەکەمیان بۆ ماڵەوەمان و دووەمیان بۆ براو هاورێی خۆشەویستم (قەحتان شەریف)و سێیەمیشیان بۆ براو راهێنەرم (ئەبوبەکر ئەنوەر).

* لەیاریکردندا ئاستی چ یاریزانێکت زۆر بە دڵە؟

– ئاستی یاریزان (قەهار حوسێن) لە یانەی ئاسۆ و (عومەر عەلی) لە یانەکانی عێراقدا.

* لە کۆتاییدا چ بە ئاوات دەخوازی؟

– هیواو ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا لە ریزی یانەی وەرزشی هەولێر یاری بکەم بۆ ئەوەی خزمەتی وەرزشی شارەکەم بکەم.